# نیشتیمانێك ، مات وەكو خۆم

بەرزان هەستیار
کانوونی دووەمی 2009
کۆڵن

bhastiar@yahoo.de

**بیرکردنەوە لە نیشتیمان ...**
**چزووی ئەو دووپشكە بێ ئومێدەیە**
**لە نێو کلیلەی ئاگردا**
**لە سەری خۆی ئەچەقێنێت ،**
**بیرکردنەوە لە نیشتیمان ...**
**پەنجە خستنە نێو قژی شۆخەژنێکە....**
**لەبەر تریفەی  مانگەشەوێکی هاویندا ،**
**بیر کردنەوە لە نیشتیمان**
**ژەهرێکە لە ماچی یار شیرینتر و**
**کلۆ شەکرێکە لە فیراق تاڵتر**
**من وەك منداڵێك ،**
**چۆن بیر لە هاتنی یەکەم ڕۆژی جەژن ئەکاتەوە**
**بیر لە نیشتیمان ئەکەمەوە**
**بیر لەو شەڕانەش ئەکەمەوە بە یەکمان فرۆشت ،**

ئەو "داو"انەی بە ناوی عیشقەوە
لەسەر بەفری " ڕیا " بۆ یەکمان دانا
ئەو بوختانانەی بە بیانووی ناپاکییەوە بۆ یەکمان کرد
ئەو "مین "انەی لە لا ڕێدا بۆ یەکتریمان چاند
"مین"ی عیشق و خیانەت و
گومڕابوون و
" مین " ی هەموو شتێك ، هەموو ................!

*******

لەوە تێ ئەگەم نووستن ، مردنێکە کاتیی ،
بەڵام بیرکردنەوە لە نیشتیمان ، زیندەگانییەکە هەمیشەیی و
مردنێکە ، نا کۆتا ؛.
نیشتیمان ، بە دڵێکی پاك و
بە هەموو تەنەکە خۆڵە ژەنگاویەکانیەوە
پیاسەی کەناری " ڕاین " م لەگەڵ ئەکات و
بە ڕیزێك "مەنهۆڵ "ی شکاوەوە
لەگەڵما خۆی ئەکات بە کڵیسا زەبەلاحەکەی "دۆم "دا و
بە شەقامە پڕ تاسەو چاڵەکانیەوە
قۆڵ ئەکات بە قۆڵما و
بە سوپەر مارکێتەکاندا فڕکەمان دێت
بە ڕانك و چۆغەیەکی شڕەوە ...
پێش من خۆی ئەکات بە باڕێکی قەرەباڵغدا و
بەو نیوە زمانییەی خۆیەوە .....
داوای دوو " بیرە " بۆ هەردووکمان ئەکات
چەند جوانە نیشتیمان ،
بێ ئەوەی ئارایشت بکات ،....
لەگەڵما دێتە ئاهەنگ و
سەما ئەکات و گۆرانیش ئەڵێت ،
لە ناکەس بەچەیی کوڕەکانی نەبێت ،...
شەرم لە سادەیی خۆی و
لە بێکەسیی خۆی و
لە نابووتیی خۆی ناکات ؛
لەوەتەی هەیە نیشتیمان ،
وەکو دایکم.....

هەر خەریکی منداڵ بوون و
گسکدان و
قاپ شۆرین و
جل شتن و
میوان بەڕێ کردنە ،
وەك ئەنکیشم .....
دەستەکانی ئەلەرزن و
چاوانی ، کز ،
لە نێوەندی شەقامێکی قەرەباڵغدا
هۆڕنی ماشێنەکان کاسی ئەکەن و
کەس نییە بیگەیەنێتە سەر شۆستەکە
*******
نیشتیمانە بێ دەرگاکەم ،
نیشتیمانە بەرەڵاکەم ،
نیشتیمانە فریشتەکەم ،
نیشتیمانە نورانییەکەم ،.....
هەموو ڕۆژێك ئەییەنە بەر دەروازەکەی بەهەشت و
ناشهێڵن بچێتە ژوورێ ،
ڕۆژ نییە نەیگەیەننە بەر قاپیی دۆزەخ و
سووتانی خۆی پیشان نەدەن ؛
نیشتیمانە وەحشییەکەم ، ئەلف و بێ جیا ناکاتەوە و
ئەدرێسی خۆی لەبەر نییە ،
هەموو ڕۆژێك لە کۆڵانەکەی خۆشمانا ون ئەبێت و
ئەبێت دراوسێ حیزەکان بیهێننەوە